# "کلاسیکەکان" و دەلاقەیەکی دی بۆ تێڕامان

## "شوناس و زمان و چەند سەرنجێک"

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەک هەڵگری کۆی ئەو هێما شوناسساز و بوون بەخشانەیە کە بە درێژایی مێژوو، نەتەوەیەک دەبێ بۆ بە هێزکردن، پاراستن و پەرەپێدانیان هەوڵ بدا، هەر بۆیە یەکێک لە سەرچاوە باشەکان بۆ ناسینی کۆمەڵناسانە و دەروونناسانەی نەتەوەیەک دەتوانێ ئەدەبیاتی ئەو نەتەوەیە بێ. بوونی بێ داهێنان، بێ مێژوو، بێ ئەفسانە و... بەرابەرە لەگەڵ بوونێکی لاواز و لە بیرکراو و پەراوێزی، لە ناو چوارچێوەی سنوورەکانی وڵاتێکدا و لە ئاستی بەرینتریشدا، لە پەراوێزی بوونە کولتووری و فەلسەفییەکانی جیهانیدا.

"ئەلکساندر نیکۆلایف" لە وتاری "بیرۆکە و ئیدە فەلسەفییەکان لە ئەدەبیاتی ڕووس"دا ئاماژە بەوە دەکا کە لە مێژووی کولتووری جیهانیدا، هەمیشە پێوەندییەکی قووڵ لە مابەین بەرهەمە هونەری و فەلسەفییەکاندا هەیە، بە تایبەتی ئەو باسی پێوەندییەکی قووڵ و ئۆرگانیک لە مابەین بیری فەلسەفی و بەرهەمی ئەدەبی گەلێک دەکا، (١) واتە دەتوانین بڵێین بیرکردنەوەی فیکری و فەلسەفی و بووناسانەی نەتەوەیەک لە ئێستادا، ڕیشەی لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێش خۆیاندایە. دەوامەی بیری ڕابوردوو لەکاتی ئێستادا پوختتر دەکرێ، ڕەخنەی لێ دەگیرێ و هەوڵ دەدرێ لقوپۆپی لێ زیاد بکرێ.

ئاماژەی نیکۆلایڤ بۆ نووسەرانی وەک "گۆگۆل" و "دەستۆیڤسکی" و کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی بیرمەندانی پاش ئەوان و بە گشتی جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤی ڕووسی، ئەو ڕاستییە دەردەخا کە بەرهەمی ڕابوردوو ڕچەیەک بۆ داهێنانی بەرەی نوێیە، جا هەرچی ئەو بەرهەمانە ڕادەیان زیاتر و ناوەرۆکیان دەوڵەمەندتر بێ، بەرەی نوێ لەسەر بنەمایەکی پتەوتر بیردەکاتەوە، بەرهەم دەخوڵقێنێ و لە دنیا و گرفتە فەلسەفییەکانی



میسباحولدیوان

ڕادەمێنێ. ئەو بەرهەمە کلاسیکانە دەتوانن لە سێ ئاستدا کاریگەرییان هەبێ؛

**یەکەم؛** کاریگەری لەسەر ئاخێوەر، خوێنەر، نووسەر و بیرمەندانی سەر بە شوناسی نەتەوەیی داهێنەری دەق.

**دووەم؛** کاریگەری لەسەر شوناسی دراوسێکان کە سنوورە کولتووری و جوگرافییەکانیان کاڵ و نزیکن.

**سێیەم؛** کاریگەری لەسەر نووسەر و خوێنەری جیهانی، بێ گوێدانە سنوورە کولتووری و جوگرافییەکان.

ئەگەر بمەوێ بە کورتی باسێکی بەرچاو لە ئەدەبی کوردی و فارسی لەو بارەوە بخەمە ڕوو، دەتوانم ئاماژە بە کاریگەریی دانانی ئەدەبی کلاسیکی فارسی لەسەر چەند توێژ بکەم.

ئەدەبی کلاسیکی فارسی بە شیعر و پەخشانییەوە، ئەدەبێکی خاوەن ستایل و بە ناوەرۆک دەوڵەمەندە. بە درێژایی مێژووش هەر لە سەرهەڵدانی یەکەم بیری ئەدەبی لە تاک بەیتی "محەمەد بنی وەسیفی سەگزی"یەوە شاعیر و نووسەرانی سەر بەو زمانە، جودا لەوەی کە سنووری زمانی و واتایی دەقەکانیان گۆڕیوە و بەرینتریان کردووەتەوە، هەر جارەو فۆرم و ڕاوێژێکی نوێشیان بۆ دەربڕین هێناوەتە کایە، دیارە ئاماژە بە هەر کام لەوانە بوارێکی تایبەتی دەوێ. بۆ وێنە قاڵبی قەسیدە و پێکهاتەکەی بە پێی چ لۆژیک و ویستێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی، تەنانەت سیاسی دامەزرا و پەرەی گرت و دواتر بەرتەسک کرایەوە و لە ئاکامدا غەزەل بە سیمایەکی دیکەوە دەرکەوت؟ چ زەروورەتێک بووە هۆی دەکارکردنی قاڵبی قەتعە و ئەوپەڕی برەوەی ئەو قاڵبە، کەی بووە و هۆکارەکانی چییە؟ و...تاد.

دەتوانین بڵێین بەو پێیە ئەو ئەدەبیاتە کلاسیکە کۆمەڵێک بنەمای فیکری و فەلسەفی و ئەندێشەی جوداوازی لە پشتە، هەر ئەوەش ڕەنگاوڕەنگی و دەوڵەمەندییەکیشی پێ بەخشیوە کە بەرە لە دوای بەرەی شاعیران و نووسەران لە بواری ئەدەبی کلاسیکدا هاتوون و بنەماکانی فیکری و فەلسەفی و فۆرمەکانی پێشوویان هەر لە بەرهەمە کلاسیکییەکانی ئەدەبی فارسی هەڵێنجاوە، ئینجا بە گۆڕین و داهێنانەوە شتێکی تازەیان خوڵقاندووە، بۆ ئەوەش سێ ئاڵوگۆڕی گرینگ کە بەسەر سێ شێوازی کەڵەی ئەدەبی فارسیدا هاتووە، دەتوانێ نموونەی بەرچاو بێ. گۆڕانی شێوازی خۆراسانی، یان تورکستانی بۆ ئێراقی و ئێراقی بۆ هیندی و هیندی بۆ گەڕانەوە، هەر هەموویان جگە لە "گەڕانەوە" کە بە تەواوی ڕوو لە ڕابوردوو بوو، ئەوانی دی ئەوەندەی بیرێک بۆ تێکشکاندن، یان لانیکەم نۆژەنکردنەوەی ئەو بینایەیان تێدا بوو، ئەوەندەش ئاوڕیان لە خودی سەرچاوەکەی پێشوو، واتە پێشینەی بیر و داهێنانی شاراوە لە دەقە کلاسیکەکان بە واتای دەقی جێکەوتووی بیرلێکراوەی ئامادە بۆ خوێندنەوەی ئێستا داوەتەوە، واتە ئەوە لایەنی یەکەمی باسەکەیە کە دەتوانێ نیشاندەری کاریگەریی ئەدەبی کلاسیک لە ناوخۆی ئەو زمانەدا بێ کە پێی بەرهەم هاتووە.

دووەم کاریگەری لەسەر زمان و شوناسی دراوسێ، فەرهەنگی و زمانی و جوگرافییەکانە. ئەوەندەی ئەو ئەدەبیاتە دەوڵەمەند و خاوەن وزە بێ و بتوانێ سنوورەکانی زمانی خۆی ببەزێنێ، بە تایبەت لە باری بیرکردنەوە بتوانێ مرۆڤی نوێ و کەسی نوێش بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، هەر بەو ڕادەیە دەتوانێ پەلوپۆ بۆ دەرەوەی سنوورەکانی نەتەوەیی بە هەموو مانایەکەوە بهاوێژێ.

ئەگەر نموونەکەمان هەمان نموونەی پێشوو بێ، دەتوانین ئاماژە بە شوێن دانانی ئەدەبی کلاسیکی فارسی لەسەر بەشێک لە شاعیران و نووسەرانی وڵاتی "هیند" لە سەردەمێکی کۆندا بکەین. نموونەی ئەو کەسانەش دەرکەوتنی کەسێکی وەک "ئەمیر خوسرەوی دێهلەوی" و "بیدل دێهلەوی" و زۆر کەسی دیکەن کە تا ئێستاش

بەرهەمیـان هەم لە نێـو هیندییـەکـان و هەم لە ئەدەبی فارسیدا خاوەن بایەخە.

لە ڕۆژئاوای ئێـرانیش کـاریگەریی ئەو ئەدەبە لەسـەر دوو نەتەوەی تورک و کوردیش دەتوانێ جێی ئاماژە بێ. بۆ وێنە کـاریگەریی شیـعـری کـەسـانی وەک حـافـز و سەعدی و...تاد لەسەر مەلای جزیری و نالی و مەحوی و...تاد کە خۆشیان ئاماژەیان پێ کردووە و هەڵبەت دوا جار خۆیان هەرکـام بە چەشنێک بوونەتە کۆڵەکەیەک بۆ ئەدەبی کـلاسـیکی نەتەوەی کـورد و بنەمـایەک بۆ بیـرکـردنەوەی نەتەوەیەک بە زمـانی خـۆی کـە لە جـێی خۆیدا ئاماژەی پێ دەکرێ. دوو نموونە لە "مەلای جزیری" و "میسباحودیوانی ئەدەب" ئەو نزیکایەتییە دەردەخەن:

***

**ژ "حافز" قوتبی شیرازی "مەلا" فەهم ئەر بکی ڕازی**
**بئاوازی نەی و سازی بێن بەر چەرخ پەروازی(٢)**

***

**ئەی "ئەدەب" هەرچەندە شیعرت کوردییە ئەمما بە من شیـعـری تۆ سـەبکی کـەلامی "شێـخی شـیـراز"ی هەیە(٣)**

هەروەها لە نێو تورکانی عوسمانیدا وەکی "پرۆفسۆر خەلیل ئینالجیک" دەڵێ: کولتووری ئێرانی و کتێبی نووسەرانی ئێرانی وەک "شانامە" و "سیاسەتنامە" و (بەرهەمەکانی) "سەعدی" کاریگەری لەسەر تورکەکان داناوە، هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کـە بە گـوتەی ئینالجیک مەلای هەر کوێرە دێیەک لە ئاناتوولی فارسی بزانێ و ئەو ئەدەبیـاتە بخـوێنیـتـەوە.(٤) لە لایەکی دیکەوە کـاریگەری "مـەولەوی بەلخی" تا ڕادەیەکـە کـە ئێـسـتـا شـێـوەی مـەلەوییـە وەک جـۆرە بیـرکـردنەوە و هەڵسـوکـەوتێک، بە هـەندێک دابو ڕەسم و وردە کولتووری تایبەتەوە لە نێو تورکییەدا برەوی ئەستاندووە، ئەوانە بە گشتی ڕەهەندێک لە کاریگەرییەکانی ئەدەبی کلاسیکی نەتەوەیەک لەسەر شوناس و زمانە دراوسێکان چ لە باری کـولتـووری و چ لە باری جـوگـرافـیـیـەوە دەگرێتەوە.

لایەنی سێـیـەم؛ کـاریگەری لە دەرەوەی سنوورەکـانی جوگرافیایی و کولتوورییە. ئەو جۆرە کاریگەرییە دەتوانێ زۆرجـار، نەک هەمـیـشـە، نیـشـانـدەری ئەوپەڕی دەوڵەمـەندی و داهێنەریی دەقـە کـلاسـیکییـەکـان بێ، دەتوانین نموونەی ئەو شێوە کاریگەرییە لە چەند بەرهەمی ئەدەبی فارسیدا دەستنیشان بکەین. کاریگەریی "حافزی شیـرازی" لەسـەر "گـوتێ" لە "دیوانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی"دا. خـودی گـوتێ ئەو کـاریگەرییـەی ئەدەبی کـلاسـیکی ڕۆژهەڵات دەخـاتە بەرباس و دەنووسێ: "بۆ نووسـینی ئەو کـتـێـبـەم هەم بەردەوام چاوم بە دیوانی شەمسەددین محەمەدی حافز، شاعیری ئێرانیدا گێڕاوە، هەم لە نووسـینی زۆر بەشـیـدا ئاگـام لە باقی بەرهەمـە ئەدەبییەکانی ڕۆژهەڵات لە "موعەلەقات" و "قورئان"ەوە تا (شیعرەکانی) "جامی" بووە."(٥)

لە لایەکی دیکەوە کـاریگەری بیـری فـەلسـەفی "خەیامی نیشابووری" لەسەر بیرمەندان و شاعیرانی ڕۆژئاوایی و بە نموونە "فیتز جیراڵد" خۆی وەک وەرگێڕ و "کارل سەندبێرگ"ی شاعیری ئەمریکایی نموونەیەکی دین. سەندبێرگ لە شیـعری دوو دراوسێدا سوێند بە سەری خەییام وەک کەسێک بە جۆرە بیرێکی جوداوازەوە دەخوات.(٦)

هەروەها شوێندانانی حافز لەسەر "مەستانە ویژبیەکانی نیتشە"(٧). کاریگەری "غالب" و "سەنایی غەزنەوی" لەسـەر "ڕۆبێرت بلای" شـاعـیـری ئەمـریکایی نموونەی دیکەن کـە ئەو تێکلکاوییـەی دەقی کـۆن و نوێ لە بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی دیاری جیهاندا نیشان دەدەن. بلای لە وتوویێژیکدا باسی بڵاوکـرانەوەی شـیـعـرەکـانی لە "پاریس ڕیڤـیێڤ" و "ئاتلانتـیکی مانگانە"دا دەکات. باسی ئەوەی کە بۆچی فۆرمیان جودا لە کـارەکـانی دیکەیەتی. بلای ئەو کـارانەی خـۆی بە غـەزەلی ئیـسـلامی ناودێر دەکـا و باسی کـاریگەریی وەرگرتنی خۆی لە غالب و سەنایی و حافز دەکات.(٨)

لە کۆتاییدا یەکێک لە باشترین نموونەکان، کاریگەریی "نیزامی گەنجەوی" لەسەر نووسینی "ئیتالۆ کالڤینۆ"یە، بە شێوەیەک کە کالڤینۆ لە کتێبی "بۆ دەبێ کلاسیکەکان بخـوێنینەوە" باسی هەمـوو ئەوانە هەر وەک چەند نموونەیەک بۆ گـرینگی دەقی ئەدەبی کـلاسـیک و کـاریگەرییـەکـانی لەسـەر بەرەکـانی هاوزەمـان و پاش خۆیان، لە دەرەوە و ناوەوەی زمانی نەتەوەییدا دەکات. کـالڤینۆ ئاوا باسی "حەوت پەیکەر"ی نیـزامی دێنێـتـە گۆڕێ:

"قسـەکـەم لەمـەڕ یەکـێک لەبەرهەمە کـلاسیکەکـانی ئەدەبی فارسی سەدەکانی ناوەڕاستە. "حەوت پەیکەر"ی نیزامی. ئاراسـتـەی ئێـمـە بۆ شـاکـارە ئەدەبییـەکـانی ڕۆژهەڵاتی زەمین هەمـیـشـە ڕێژەییـە. چون لە ڕێگای وەرگـێـڕانەوە هەر مـشـتـێک لە بۆنوبەرامـەکـەیانمان

پێدەگات، ئەو شیعرە بێ گومان چ لەباری ستایلەوە و چ لە باری بابەتە فیکرییەکانی ناو ئەو بەرهەمە، یەکێک لە پێچیاوترین دەقەکانە." (٩)

هەر لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر بە کورتی ئاماژەیەک بە ئەدەبی کلاسیکی کوردی بکەین، دەبینین ئەدەبی کلاسیکی کوردیش هەم خاوەن ئەو وزەیەیە کە لە هەر سێ ئاستدا ئاوڕی لێ بدرێتەوە و هەم لە ئێستادا پێویستە نووسەرانی بەرەی لاو بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی زمانی و فیکری و داهێنەرانەی خۆیان بە جێی ئەوەی شانازی بە نەخوێندنەوەیان بکەن، ئاوڕی جیددییان لێ بدەنەوە و سەرلەبەریان بپشکنن. ڕەنگە گوتنی ئەو قسەیە سەیر نەبێ کە بڵێین ئەگەر کالڤینۆ باسی نیزامی و حەوت پەیکەری ئەو دەکات، خوێنەری ئێمە ڕوو لە حەوت پەیکەر دەکەنەوە، بەڵام هەر بەر لەو باسە خوێندنەوەی نیزامی بە جۆرێک لە دواکەوتەیی دادەنرا و تا دوایی.

دیارە باسی کارکردەکانی ئەدەبی کلاسیک لەسەر ڕەوتی ئەدەبی نەتەوەیەک و بیرکردنەوەی نەوەکانی دواتر، نەک بە ئاماژەیەکی کورت، بەڵکو بە باسێکی بابەتی و هەڵبژاردنی ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکان بۆ توێژینەوە و ڕاڤە بە باشی دەردەکەوێ. بۆ وێنە ئەگەر بمانەوێ تەنیا باسی واتای "شوناس" لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا بکەین، بەو تێبینییەش کە لە دنیای ئێستا و لە گەرمەی بە جیهانی بوونی سڕانەوەی سنووری شوناسەکان، چ گرینگایەتییەکی هەیە، دەتوانین ئاوڕێک لە بەرهەمی "ئەحمەدی خانی" وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بدەینەوە. ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێ چۆن نووسەران و شاعیرانی داهێنەری کورد بە درێژایی مێژوو بە هەست کردن بە پێوەندی مابەین زمان و کارکردی شوناسسازی زمان، هەوڵیان داوە بە لادان لە زمانی سەردەست و داهێنان بە زمانی زگماکی خۆیان، لە بەهێز و دەوڵەمەندکردنی شوناسی زمانی و نەتەوەیی خۆیاندا لەو ڕێیەوە هەوڵێکی بەرچاو بدەن. چون یەکێک لە فاکتەرەکانی شوناسساز بە پێی تیورییە سیاسییەکانی بواری نەتەوە و شوناس زمانە. ئەو ڕەوتەش مێژینەیەکی کۆنی لە ئەدەبیاتی کوردیدا هەیە. "ئەحمەدی خانی" یەکەم کەسە لە ئەدیبانی کورددا کە بە ئاگادارییەوە نووسین و ئافراندنی بە زمانی نەتەوەی خۆی هەڵبژاردووە. ئەو لە دیباچەی "مەم و زین"دا جەخت لەسەر ئەو بابەتە دەکات کە کولتوور و دەوڵەمەندکردنی لە ڕێی ئافراندنی هونەرییەوە – کە ئەوکات نموودی بەرچاوی لە شیعردا خۆی نواندووە – دەتوانێ سیمایەکی دیکە لە چاوی ئەوی تردا ساز بکا و شوناسێکی بەهێز بۆ نەتەوە دەستەبەر بکات.(٠١)

ڕەوتی پەروەردەکردن و ئافراندنی ئاگایانەی دەقی کوردی لە لایەن شاعیران و نووسەرانی پاش (خانی)ش درێژە پێدراوە. بۆ وێنە "نالی" کاتێک دەڵێ:

**"فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە**
**نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ مڵکە دیوانی هەیە"(١١)**

ئاماژە بە دەستەڵاتی زمان دەکات، ئەو پێی وایە ئەگەر حاکمییەتی زەمینیش لەسەر خاک بۆ نەتەوەکەی و بۆ ئەو وەک تاکێکی ئاگاداری ئەو نەتەوەیە لە بارودۆخی ئەو کاتدا نالوێ، ئەوە لە ڕێگای زمانەوە دەتوانێ کیانێکی وا ساز بکات کە حاکمی سێ مولک، لە سێ بواری زمانیدا بێ، واتە ئەوە داهێنان بە زمانە کە دەستەڵات ساز دەکات. ئەو ڕوانینە "ڕووە و زانیارییەی" نالی بە جۆرێکی دیکە پێداگری لەسەر دەوڵەمەندکردنی شوناس و حاکمییەت بەخشینە بە تاکی ئاخێوەری ئەو زمانە لە ڕێی داهێنانەوە. "مەحوی" پاش نالی و بە جۆرێکی دی باسەکە دەخاتە ڕوو. ئەو لە شیعرێکی فارسی خۆیدا ئەو کەڵکەڵەیە دەخاتە ڕوو:

**رحم بر عاشق بیچارە نیاوردی حیف**
**آبروی شرف چارە گری بردی حیف**
**فخر هر کس بە زبان خودش است ای محوی**
**فارسی را چو تو بگزیدەای بر کردی حیف(٢١)**

واتە مەحوی ئەو کاتەی بە زمانێکی جودا لە زمانی نەتەوەیی خۆی دەنووسێ، دەزانێ سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو دەقە بە هێز و پێزەی بە زمانی زگماکی خۆی هەیە، بەڵام داهێنان بە زمانێکی دی، بە فەخر بۆ ئەو زمانە و شوناسی سەر بەو زمانە دەزانێ و بە شێوەیەک ئاماژە بەوە دەکات کە داهێنانی ئەو و داهێنەرانی دیکەی کورد بۆ سازکردنی فەخر، یان بەرجەستەکردنی شوناسی نەتەوەیی و زمانی، دەبێ لە چوارچێوەی زمانی خۆیاندابێ و حەیفە ئەو زمانە کاری پێ نەکرێ و دەقی پێ بەرهەم نەیەت و دەوڵەمەند نەکرێ.

ئەو بابەتە، واتە تەنیا باسی "شوناس" لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، دەتوانێ هەم بابەتێک بێ بۆ توێژینەوەیەکی مێژوویی، هەم دارشتنی بناغەیەک بێ بۆ بیرکردنەوەیەکی سیاسی و هەم پلانێک بێ بۆ پرۆسەیەکی کولتووری درێژخایەن. ئەوانە و زۆر شتی دی

زەروورەتی ئاگــاداریی لە ئەدەبی کــلاســیــک بۆ هەر کەسێکی خوێنەر و داهێنەر پڕ ڕەنگتر دەکەن. ڕوو لە داهێنانی نوێ، ناسین و دۆزینەوەی دەقە بزۆزەکــانی سەردەم و ئاوڕدانەوە لە دەقە دەوڵەمەندەکانی دوێنێ، دەقی خاوەن شوناسی لێ بەرهەم دێ کە با لەگەڵ خۆی نایبا.

**پەراوێزەکان:**

**١- نیکولایف، الکســاندر (١٣٩٠) ایدەهای فلســفی در ادبیات روس، ترجمە سید مازیار کمالی**

**http://nasour.net/1390.07.28/581.html**

**٢- مـەلای جـزیری (١٣٦١) دیوانی عـارفی ڕەببـانی شـێخ ئەحمەدی جزیری، شەرحی هەژار، تهران: انتشارات سروش.**

**٣- ئەدەب، مـیـسـبـاح الدیوان (١٣٨١) دیوانی مـیـسـبـاح الدیوان ئەدەب، شەرح و لێکدانەوە محەمەدسەعید نەجاری، ورمێ: ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەدەبیـاتی کـوردی سـەڵاحـەددین ئەییوبی.**

**٤- ایناڵجیک، خلیل براونە وتاری: بنیاد ادبیات کلاسیک عثمانی از ایران فارسی الگو گرفتە است**

**http://parssea.org/?p=5381**

**٥-جعفری نژاد، ابوالفضل (١٣٨٦) گوتە و تاثیر پذیری از حافظ، کیهان فرهنگی آبان شمارە ٢٥٣.**

**٦-سندبرگ، کارل (١٣٨٣) برای تو و ماه نغمە سر دادم، ترجمە احمد پوری، تهران: انتشارات مروارید.**

**"دوو دراوسێ"**

**هاوسێیەکم هەیە... سوێند بە سەری خەییام دەخوا**

**هاوسێیەکم هەیە... سوێند بە سەری کۆرنارۆ دەخوا**

**هەردووکیان بەختەوەرن:**

**دوو نەمر چاویان لە من بڕیوە**

**لێیان گەڕێ با بە باشی تێم بروانن**

**-لوئیجی کۆرنارۆ(١٤٦٤- ١٥٦٦) نەجیمزادەیەکی خەڵکی ویلزە، خــاوەنی ژیانێکی ڕازاوە و دەوڵەمــەندانە بوو. لە چل ساڵەیی نەخۆش کەوت و دکتۆرەکان دەستیان لێ داشت. کۆرنارۆ خۆی دەستی بە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی کرد، ئەو ڕادەی خۆراکی خۆی کەم کردەوە و ڕۆژێ هەندێک نان و پەرداخێک شەرابی دەخواردەوە و بەو شێوەیە ژیانێکی ئارامی بۆ خۆی پێکهێنا و تا تەمەنی ١٠٢ ساڵەیی بێ هیچ گرفتێک ژیا.**

**٧-نیتشە، فریدریش ویلهلم (١٣٧٧) اکنون میان دو هیچ، ترجمە علی عبدالهی، تهران: نشر نارنج.**

**"بۆ حافز"**

**ئەو مەیخانەی ئەتۆ بۆ خۆت بنیادت نا**

**لە هەر ماڵێک مەزنترە و**

**جیهان ناتوانێ ئەو مەیە بخواتەوە**

**کە ئەتۆ دەیڕێژییە ناوی.**

*******

**باڵندەیەک**

**کە سەردەمانێک ناوی قەقنەس بوو**

**ئێستاکە میوانی تۆیە**

**ئەو مشکەش کە ئاوسی شاخ بوو**

**پێتم وابێ ئەویش هەر ئەتۆی**

*******

**تۆ هەموو کەس و هیچ کەسی**

**تۆ هەم مەی و هەم مەیخانەی**

**ڕۆ دەچییە ناخی خۆتەوە...چ ڕۆچوونێکی ئەبەدی**

**لە خۆتەوە هەڵدەفڕ فڕی... فڕینێکی ئەبەدی**

*******

**درەوشانەوەی هەموو قووڵاییەکان و**

**مەستیی هەموو مەستەکانی**

**ئەتۆ و شەراب؟**

**٨-بلای، رابرت (١٣٨٦) خوردن عسل کلمات، ترجمە فواد نظیری، تهران: انتشارات مروارید.**

**٩-کالوینو ایتالو (١٣٨١) چرا باید کلاسیک ها را خواند؟، ترجمە ازیتا همپارتیان، تهران: نشر قطره.**

**١٠-خانی، ئەحمەد (١٣٦٧) مەم و زین، ڤەژاندنا پەرویز جهانی، ورمێ: ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی.**

**کورمانج نە پڕ دبێ کەمالن**

**ئەمما د یەتیم و بێ مەجالن**

**فیلجوملە نە جاهل و نەزانن**

**بەلکی د سفیل و بێ خودانن**

**گەر دی هەبوویا مەژی خودانەک**

**عالی کەرەمەک لەتیفە دانەک**

**من دی عەلەما کەلامێ مەوزون**

**عالی بکرا ل بانێ گەردوون**

**١١-نالی (١٣٦٣) دیوانی نالی، شەرح و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و...، ورمێ: ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی سەڵاحەددین ئەییوبی.**

**٢١-مەحوی (١٣٦٧) دیوانی مەحوی، شەرح و لێکدانەوەی مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس، ورمێ: ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی سەڵاحەددین ئەییوبی.**